# نامەیەكی كراوە بۆ سەرۆكی هەرێم

ئالاَكەی بەعس، ئالاَی ئەنفال و كیمیاباران و هەزار و یەك دەردی سەری بەسەر خەڵكی كوردستاندا، زۆر درەنگ داگیرا! دەبوایە دوای ڕاپەڕین، دوای دەرپەڕندنی دامودەزگا سەركوتكەرەكانی بەعس لە كوردستان، ئەم ئالاَیە شوێنەواری نەمابا.

ئەو ئالاَیە، لەهەمان كاتا ئالاَی بەعسیە كوردەكان و سەرۆك جاشەكانی كوردستانیش بوو. ئەوانەی كە نەك هەر ڕاستەوخۆ دەستیان سورە بەخوێنی پێشمەرگەكانی كوردستان و بەگرتدانی خەڵكانی تێكۆشەر، بەڵكو بەشەخسیش بەشداربوون لە پیادە كردنی سیاسەتە قەلاچۆكاریەكانی ڕژێمی بەعس و لە ڕێگەی هاوكاری ئەوانەوە ئەنفال ئەنجام دراوە.

بەڕێز ئەوە جێی داخە ئێستا، كە ئەم كۆنە بەعسی و سەرۆك جاشە خوێنڕێژانە، نەك هەر لە تەك سەددام و عەلی كیماویدا لە ناو قەفەسی دادگادا نین، بەڵكو لەوەش خراپتر ئەوەیە كە لە پاداشتی خیانەتكاری و تاوانەكانیان ئێستا لە ژێر ئالاَی كوردستاندا حەوانەتەوە و مووچەی تەقاعودیەكەیان لە شكڵی كۆمەك وەرگرتن بەناوی "دیوەخان"ەوە بۆ سەرف ئەكرێت.

ئایە لابردنی ئالاَی بەعسی عێراق، تەنها لابردنی پەڕۆیەكی دزێو و نەفرەتیانەی ڕەنگاوڕەنگە لەكوردستان و بەس؟!

من وەك كەسێكی خانەوادەی پێشمەرگەی شەهید. كە دوو براو ئامۆزایەكم لە ناوچەی پشدەر شەهید بوون بەدەستی [هەباسی بایزی باڵواغا] كە یەكێكە لەو خۆفرۆشە تاوانبارانە، ئەگەر ئەمرۆ دەسەلاَتدارانی كوردستانیش لە هەقی گشتی خەڵكی كوردستان چاوپۆشی بكەن و ئەم تاوانبارانە نەدەنە دادگا، منی هاووولاَتی (ناسراو بە مستەفای حەسەنە گەورە) وەكو هەقێكی شەخسی خۆم كە لێرەوە ڕایدەگەیێنم دەعوای ڕەسمی لەسەر تۆمار دەكەم، وە بەڕێزتان ئاگادار ئەكەمەوە كە ئەم تاوانبارە ئەبێ بدرێتە دادگا! وە ئێمە بەڵگەنامەی حاشا هەڵنەگرمان بەدەستەوەیە لەسەر تاوانەكانی ئەو خۆفرۆشە.

داواش لە هەموو كەسێك ئەكەم كە ئەگەر خزم و كەسوكاریان بەدەستی ئەم تاوانبارە و داروودەستەكەیەوە یان لە ڕێگەی ئەوانەوە شەهید بوون، هەمان ڕێگەی وەفاداری من بگرنە بەر بۆ خوێنی شەهیدانمان و من ئامادەی یارمەتی دانتانم. وە ئەتوانن لە ڕێگەی كەسوكارمەوە لە كوردستان یان لەڕێگەی ڕێكخراوی ["چاك"– [http://www.nawandihalabja.com ] وەیا ماڵپەڕی ["دەنگەكان" http://www.dengekan.com ]ەوە، وەیا ئیمەیلەكەمەوە [msto123@hotmail.com] پەیوەندیم پێوەبكەن.

هیوادارم كە لێپرسراوانی كوردستان بە بیانووی لێبوردنی گشتییەوە كە بەرەی كوردستانی لە ساڵی1991 دا دەریكردوە، ئەم هەقە شەخسییانەی ئێمە پێشێل نەكەن و ئەگەر دەستی یارمەتیشمان بۆ درێژ ناكەن ئەوا ڕێگریمان بۆ دانەتاشن.

من بەدوای ئەم مەسەلەیەدا ئەڕۆم ئەگەر لە کوردستان نەتوانم ئەم هەقە بسێنم ئەوا پەنا ئەبەمە دادگای لاهای نێودەوڵەتی لە ڕێگەی ڕێکخراوی "چاك"ەوە.

ئەم تاوانبارە دەستی سورە بە خوێنی دەیان پێشمەرگە، دەیان هاووولاتی و هەروەها دەیان لەو کاروانچیانەی کە لە ڕێگەی بارهێنان و باربردنەوە لەسەر سنورەکانی ئێران-عێراق خەریکی دابین کردنی بژێوی خانەوادەکانیان بوون.
هەوڵ ئەدەم لە فرسەتێکی نزیکدا ناوی ئەو قوربانیانە وەك لیستێك بڵاو بکەمەوە. جێی خۆیەتی کە ئەم خوێن ڕێژە بەسزای خۆی بگات و نەهێڵدرێت وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچێت، تا ببێتە پەندو عبرەت بۆ خۆفرۆشان و تاوانباران.

نەك هەر ئەوەش بەڵکو لە هەر ئاڵۆزییەکی باروزروفی کوردستان و عێراقدا ئەم تاوانبارانە، لە ڕێگەی خۆفرۆشییەوە وەك هێزی یەدەکی دەوڵەتی مەرکەزی جارێکی تر دێنەوە مەیدان بەدژی خەڵکی کوردستان. جێی خۆیەتی کە نەهێڵرێت جارێکی تر شانسی خۆفرۆشییان هەبێتەوە بەدژی خەڵکی کوردستان.

.

**مصطفی حسن گەورە 2006-10/01**

## کۆپییێك لەم نامەیەبۆ:

1- ڕێکخراوی " چاك" [ناوەندی هەڵەبجە دژی ئەنفال و جینۆساید لە کوردستان.]
2- سەفارەتی "وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا" لە کۆپنهاگ- دانیمارك
3- دادگای تاوانەکان (محکمة الجنایات) لە سلێمانی/ هەرێمی کوردستان-عێراق.

********** ********** **********